بۆ/ بەرێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ پرۆژە یاسا

سلاو ورێز...

ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان کە لە خوارەوە واژوومان کردووە، پرۆژە یاسای (هەموارکردنی یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١١) پێشکەش دەکەین بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبونەوەی پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو.

لەگەڵ ڕێزماندا....

| ناوی ئەندامی پەرلەمان | واژۆ |
| --- | --- |
| ١- عبدالسلام مصطفى صديق | [signature] |
| ٢- تارا تحسين اسعدي | [signature] |
| ٣- سردار رشيد محمد | [signature] |
| ٤- بيان الحسن | [signature] |
| ٥- كەيلي اكرم مەنتك | [signature] |
| ٦- ژيان عمر شريف | [signature] |
| ٧- محمد معروف | [signature] |
| ٨- شعبان ابراهيم عبدالقادر | [signature] |
| ٩- سيروان عمر احمد | [signature] |
| ١٠- عومەر هەورامی | [signature] |

# یاسای ژمارە (  ) ی ساڵی ٢٠١٢

یاسای هەموارکردنی یاسای وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن لە هەرێمی کوردستان – عراق ژمارە (١٩) ی ساڵی ٢٠١١

ماددەی یەکەم: بڕگەی (نۆیەم)ی ماددەی (دووەم) هەموار دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێت:

(دانان و پەرەپێدانی ژێرخانی پێویست بۆ بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیاری و تۆری ئەنتەرنێت بۆ باشترین سوود وەرگرتن لێیان لەلایەن هاولاتیانی هەرێمەوە).

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆک بن.

ماددەی سێیەم: دەبێ ئەنجومەنی وەزیران ولایەنانی پەیوەندار حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمیی (وقایعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوونی:

لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و تەکنۆلۆژیای زانیاری بەرهەم و سیمای کۆمەڵگایەکی کراوەن، و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم ماف و ئازادیەی کردووتە بەشێکی سەرەکی سیاسەتەکانی و لەبەر ئەوەی دەقی برگەی (نۆیەم)ی ماددەی (دووەم)ی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١١ بە پێچەوانەی ئەم سیاسەتەیە، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێندرا.